هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی ڕادەگەیەنێت لەسەر میکانیزمی هەناردەکردنی نەوت



ئەمڕۆ چوارشەممە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی گەیشتوونەتە ڕێککەوتن لەسەر میکانیزمی هەناردەکردنی نەوت.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی نەوتی عێراق لە سەر میکانیزمی هەناردەکردنەوەی نەوت ڕێککەوتن و کێنوسی ڕێککەوتنەکەش لەلایەن 23 کەسایەتی شارەزای هەردووڵا واژۆ کراوە، کە 17 ئەندامی شارەزای وەزارەتی نەوتی عێراق بوون.

ئاشکراشیکرد: کەبوونەوەکان لە 17ی تەموز دەستیانپێکردو لەم ماوەیە سەردانی تەواوی کێڵگەکانی هەرێم کراوە و دوای هەڵسەنگاندنی کێشکانی هونەری گفتوگۆیەکی زۆر، لە 11ی ئاب ڕێکەوتن لە سەر میکانیزمی هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی هەرێم کراوە. کە بگەڕێی بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەویش دوای ئەوەی 50 هەزار بەرمیل بە پێویستی ناوخۆی هەرێم گلدەرێتەوە، بەرهەمەکەی دیکە بە هەناردەکردن ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ دەکرێت.

ڕاشیگەیاند: بە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە حکوومەتی فیدراڵ لەگەڵ حکومەتی تورکیا قسە بکات و پرسەکە جێبەجێ بکرێت.